# یەکەم هەموار کردنی یاسای ژمارە (٨)ی ساڵی (١٩٩٩)ی سەندیکای دەرمانسازانی هەرێمی کوردستانی عێراق

**بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بە ناوی گەلەوە**

**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**ژمارەی دەرهێنان: ٣٢**

**مێژووی دەرهێنان: ٢٠٠٠/١٢/١٣**

«بڕیار»

پشت بە حوکمەکانی بڕگە (١)لە ماددەی (٥٦)و ماددەی (٥٣) لە یاسای ژمارە (١)ی هەمـوارکـراوی سـاڵی (١٩٩٢)و لەسـەر داواکـاریی وەزیری تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی و ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم و ، ئەو یاساکارییەش کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ژمارە(٢٢)ی ڕۆژی (٢٠٠٠/١٢/١٢)یدا یاساکاری کردووە و بە پێی ئەو دەسەڵاتەش کە بڕگە(٣)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە (١٠)ی ساتی١٩٩٧ پێمانی داوە بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەمان دا:

## یاسای
## ژمارە (١٦)ی ساڵی ٢٠٠٠
## یەکەم هەموار کردنی یاسای ژمارە (٨)ی ساڵی (١٩٩٩)ی سەندیکای دەرمانسازانی هەرێمی کوردستانی عێراق

**ماددەی یەکەم:**

ئەم بڕگانەی خوارەوەی ماددەی شەشەم بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە:

دووەم: مـزەی مـۆڵەت(رسم الاجـازە)ی دانانی دەرمـانسـازی ـ بەنیـو دەوامی ـ (٢٥٠) دوو سـەدو پەنجـا دینـارەو، مـزەی نوێکردنەوەی مۆڵەتی دەرمانسازی(مەسئولی + ئیمتیاز) ساڵانە (٢٠٠) دوو سەد

دیناره.

سێیەم: مزەی مۆڵەتی دانانی دەرمانسازی ـ بە دەوامی تەواو ـ بۆ (خانەنشینان) (٥٠٠) پێنج سەد دینارەو، مزەی نوێکردنەوەی مۆڵەتی دەرمانسازی (مەسئولی+ ئیمتیاز) ساڵانە (٤٠٠) چوار سەد دیناره.

چوارەم: مزەی مۆڵەتی دانانی مەدخەر (١٠٠٠) هەزار دینارەو، مزەی نوێ کردنەوەی مۆڵەتی مەدخەر بۆ (خانەنشینان) (مەسئولی+ ئیمتیاز) (٧٥٠) حەوت سەدو پەنجا دینارەو، مزەی نوێکردنەوەی مۆڵەتی مەدخەر ـ بەنیو دەوامی ـ ساڵانە (٥٠٠) پێنج سەد دیناره.

**ماددەی دووەم:**

مادده یازده هەموار بکرێ و بەم شێوەیە بخوێنرێتەوە:

شەرتوشروت + دانانی دەرمانسازییەکە.

مۆڵەتی دانانی دەرمانسازی بەو کەسە دەدرێ کە ئەم شەرتوشروتەی هەبێ:

١- ناوی دەرمانسازییەکە.

٢- کرێبەندی(عقد ایجار) کە دایەرەی باجی موڵک ومالّ تەسدیقی کردبێ.

٣- ناوە بازرگانییەکەی کە ژووری بازرگانی بۆی مۆر کرد بێ.

٤- رووبەرەکەی لە (٢٠م٢) کەمتر نەبێ.

٥- پانایی دەردەوەی لە دوو مەتر ونیو کەمتر نەبێ.

٦- کاتی ڕوخان وسوتان دەشێ دەرمانسازییەکە بە گواستنەوەی مۆڵەتەکەیەوە بەپێی شەرتوشروت (تەنیا شەرتی رووبەر نەبێ) بگوازرێتەوە بۆ جێگایەکی دیکە لە هەمان ناوچەدا تا کاتی گەڕانەوەی بۆ جێگا کۆنەکەی خۆی یا کردنەوەی دەرمانسازییەکی دیکە بەپێی شەرتوشروتی خۆی.

**ماددەی سێیەم:**

برگەی یەکەمی ماددەی بیست وپێنجەم هەموار بکرێ وبەم شێوەیە بخوێنرێتەوە:

١- کاروباری لق لیژنەیەک بەڕێوەی دەبا لە(پێنج) ئەندام پێک دێ واتا (٤ ئەندام + سەرۆک)، دەشبێ ماوەیەک پیشەکەیان کرد بێ لە (پێنج) ساڵ کەمتر نەبێ. ئەوانە ئەندامەکانی لق بەدەنگدانی نهێنی هەڵیاندەبژێرن.

**ماددەی چوارەم:**

ئەم یاسایە لەڕۆژی بلاوکردنەوەی لەرۆژنامەی وقایعی کوردستاندا، دەخرێتە کار.

**د.رۆژ نوری شاوەیس**

**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**